دەستەی دەستپاکی فەرمانی بانگهێشتکردنی بۆ پارێزگای دیالە دەرکرد

دەسپاکی فیدراڵی ئەمڕۆ ڕۆژی دووشەممە دەرکردنی فەرمانێکی بانگهێشتکردنی بۆ پارێزگاری دیالە ئاشکراکرد. فەرمانگەی لێکۆڵینەوەی دەسپاکی فیدراڵی لەبەیاننامەیەکدا رایگەیاند" دادگای لێکۆڵینەوەی کەرخی دووەم فەرمانی بانگهێشتکردنی بۆ پارێزگاری دیالە دەرکرد لە ژێر ڕووناکی ئەو تێبینیانەی کە ڕاپۆرتی دیوانی چاودێری دارایی فیدراڵی ئاماژەیانی پێکردووە دەربارەی کارکانی لێژنەی فریاکەوتن و ئەنواکردنی ئاوارەکان لە دەرەنجامی کردەوە تیرۆریستیەکان تایبەت بە پێشینەی دابەشکردنی بەپارەی فریاکەوتنی ئاوارەکان لە پارێزگای دیالە لە مێژووی 2014/7/1تاکو 2015/6/30. وتیشی دادگای کەرخی دووەم فەرمانی بانگهێشتکردنەکەی بەپێی مادەی 331لەیاسای سزادانی ژمارە 111ی ساڵی 1969ی هەموارکراو دەرکردووە.